www.kurdistannet.org

# توندوتیژی بەرامبەر بە ژن بە ناوی نامووسپەرستیەوە

نووسینی نەزەند بەگیخانی

## ناواخن:

پێشەکی

بەشی یەکەم: سیستەمی پاتریارکی: توندوتیژی و نامووسپەرستی
1. 1: توندووتیژی بەرامبەر بە ژن وەکو دیاردەیەکی گشتی
1. 2: توندوتیژی بە بەناوی نامووسپەرستیەوە وەکو فۆرمێکی تایبەت

بەشی دووەم: کولتو و ئایین
2. 1: کولتور وەکو نەریت و رەفتاری کۆمەڵایەتی
2. 2: ئیسلام و کوشتنی نامووسپەرستانە

بەشی سێیەم: ناسیۆنالیزم و پەیوەندیەکانی ژێندر
3 . 1: پێناسەی ناسیۆنالیزم
3. 2: ناسیۆنالیزمی کوردی و پرۆگرامی حیزبەکان
3 . 3: پرۆژەی نەتەوەیی کوردی و پەیوەندیەکانی ژێندر
3. 4: دیاسپۆرای کوردی و وەبەرهەمهێنانەوەی ترادیسیۆن

بەشی چوارەم: ئایدیۆلۆژیای نامووس و شەڕەف
4. 1: کوشتنی نامووسپەرستانە
4 . 2: قوربانییەکانی نامووسپەرستی
4 . 3 رۆلی کۆمیونیتی لە کوشتنی نامووسپەرستانەدا

ئەنجام

## پێشەکی:

لەم باسەدا هەوڵ دەدەم رۆشنایی بخەمە سەر چەند لایەنێکی گرنگی ئەو توندووتیژیانەی بەناوی ناموسپەرستییەوە لە دژی ژن ئەنجام دەدرێن. ناوەڕۆکی باسەکە گرێ دەدەمەوە بەو دیاردەیە و چۆنیەتی پراکتیک کردنی لە لای کورد کە ماوەی چەند ساڵێکە بابەتی لێکۆڵینەوە و چالاکیەکانمن. ئەم باسە تەنها کورتەیەکی لێکۆڵینەوەیەکە بۆ پرۆژەی کتێبێک بە زمانی ئینگلیزی. لێرەدا بە دوورودرێژی ناچمە ناو تەواوی ئەو چەمکانەی کە لە ناواخندا خراونەتە روو (وەکو چەمکی ناسیۆنالیزم و پرۆژەی نەتەوەیی کوردیی)، بەڵکو وەکو بابەتێکی گرنگی وابەستە بە کوشتنی ناموسپەرستانەوە بە کورتی لێیان دەدوێم.

پێش ئەوەی بچمە ناو باسەکەوە، حەز دەکەم روونکردنەوەیەکی تێرمینۆلۆژی تایبەت بە تێرمەکانی ناموس و شەرەف بخەمە روو کە لە وەرگێران بۆ زمانانی ئەوروپی تووشی ناکۆکیمان دەکات. من لەم باسەدا ووشەی ناموس بەکار دەهێنم و جیای دەکەمەوە لە شەرەف. ئەم دوو تێرمە هەرچەندە تێکهەڵکێشن، لە لای کورد و چەند میللەتێکی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەراست دوو چەمکی جیان و دوو لێکدانەوەی جیاش دەگەیەنن کە پەیوەستن بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ستاتووی ژنەوە.

لە لای کورد ووشەی ناموس راستەوخۆ گرێدراوەتەوە بە ژن و سێکچوالیتێی ژنەوە. ووردبوونەوەی قووڵ لە واقیعی کۆمەڵایەتی کوردیدا دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە شەرەف گرێدراوەتەوە بە پیاو و ستاتووی کۆمەڵایەتیی پیاوەوە. هەندێ جار شەرەف ستاتووی کۆمەڵایەتی ژنیش دەردەبڕێ بەڵام بەهەمان شێوەی ناموس وابەستە نیە بە سێکچوالیتێی ژنەوە. جیاوازییەکەش نوانسێکە (nuance) کە بە لێووردبوونەوە و لێکۆڵینەوە دەمانگەیەنێتە ئەنجامی جیاواز. لەبەر بەهێزیی دەسەڵاتی پاتریارکی لە لای کورد و ئاوێتەبوونی جەستە و سێکچوالیتێی ژن بە چەمکەکانی ناموس و شەرەفەوە، زۆرجار تێرمی دیکەی وەک عار و حەیا و ئابڕووش بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنرێن. دیارە هەندێک لەم تێرمانە لە کاریگەریی زمان و کولتوری دراوسێوە هاتوون. بۆ هەموو ئەم زاراوانە لە زمانانی ئەوروپای رۆژئاوا تەنها ووشەی شەرەف هەیە. بۆیە پێویستە لەکاتی وەرگێران و نووسین بە زمانانی ئەوروپی ووشە کوردییەکان بەکاربهێنرێن لەگەڵ رووکردنەوە و تێبینی.

www.kurdistannet.org

هەر تایبەت بە باسی تێرمینۆلۆژییەوە، من لەم باسەدا زاراوەی ژێندر بەکار دەهێنم لە جیاتی زایەند، جنس یا سێکس. ژێندر (gender)[1] جیاوازییە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان ژن و پیاو دەگەیەنێ. سێکس و زایەند یا جنس تەنها گوزارە لە جیاوازییە بایۆلۆژییەکانی نێوان ژن و پیاو دەکەن کە خاسیەتە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ژن و پیاویان بەشێوەیەک داڕشتووە لە سیستەمی پاتریارکیدا بەرجەستە بوون.

# بەشی یەکەم:
# سیستەمی پاتریارکی: توندوتیژی و ناموسپەرستی

## 1. 1: توندوتیژی بەرامبەر بە ژن وەکو دیاردەیەکی گشتی

توندووتیژیی بەرامبەر بە ژن دیاردەیەکی جیهانییە و رەگی لە ستروکتوری پاتریارکیدا داکوتاوە. لە سیستەمی پاتریارکیدا کە تا ئەمڕۆش لە سەرانسەری جیهاندا لەبرەودایە پەیوەندییەکانی ژێندر لە سەر بنچینەی چەوساندنەوەی ژن و دەسەڵاتداریەتی پیاو بنیاتنراون. ژن لە هەموو بوارەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا دەچەوسێنرێتەوە و وەکو مرۆڤێکی تەواو رەفتاری لەگەڵدا ناکرێت. ئەم سیستەمە برەوی بە عەقلیەتێکی پاتریارکی داوە کە ژن نزمتر لە پیاو دەبینێ و ماف و ستاتووشی لەسەر بنچینەی ئەو کەمبینیە دابین دەکات. ئەم دەسەڵاتە پاتریارکیە لەچوارچێوەی هاوکێشەی هێزدا بە توندی رەنگی داوەتەوە: پیاو وەکو دەسەڵاتدار و خاوەن هێز مافەکانی ژن پێشێل دەکات و توندوتیژیی بەرامبەر دەنوێنێت. ئەو ئامارانەی ساڵانە لە وڵاتانی جیاجیادا ئەنجام دەدرێن، دەریدەخەن کە رێژەیەکی زۆری ژنان لە لایەن مێرد یا ئەندامانی دیکەی پیاو لەناو خێزان بەرەورووی هەڵاواردنی سێکسی و توندوتیژیی و لێدان دەبنەوە. دیارە توندوتیژی زۆر جۆری هەیە، وەکو توندوتیژیی دەروونی، توندوتیژیی عاتیفی (emotional)، توندوتیژیی زارەکی (ڤێربەل: verbal) و توندوتیژیی فیزیکی. ئەمانە ئەو جۆرە توندوتیژیانەن کە لە

---

[1]. ژێندر زاراوەیەکی ئینگلیزیە و لە ئاخاوتن و ئەدەبیاتی فێمینستیدا زۆر بەکاردێ. لەبەر ئەوەی من بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنمەوە و لە کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەکادیمی و تایبەت بە ژنان بەشداری دەکەم، بە بێ بەکارهێنانی ئەو تێرمە هەست بە ناتەواویەک دەکەم لە ووتە و باسەکانمدا هەن. هەر لەبەر ئەم هۆیە و پێویستیی دەوڵەمەندکردنی ئاخاوتنی فێمینیستی کوردی، لە ساڵی 1997 بەشێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی ژێندرم لە گۆڤاری گزینگ کردەوە.

پانتایی یا فەزای نهێنیدا پیادە دەکرێن[2]. ئەم توندوتیژیانە تەنها لە نێوان ژن و پیاواندا روونادەن، بەڵکو لە نێوان ژنان خۆیاندا، لە نێوان پیاواندا  و هەروەها لە نێوان دایک و باوکان بەرامبەر بە منداڵان ئەنجام دەدرێن. ئەم باسەی من تایبەتە بە توندوتیژیی پیاوان بەرامبەر بە ژنان، بۆیە من باس لە جۆرەکانی دیکەی توندوتیژی ناکەم.

ئاشکرایە کە کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان بە قۆناغی مێژوویی جۆراوجۆردا تێپەڕبوون و گۆڕانکاریی هەمەجۆریان بەسەردا هاتووە. ئەم گۆڕانکاریانە کە هەمیشە بەردەوامن کار لە شێوە ژیان و باری کۆمەڵایەتیی خەڵک دەکەن و بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی وەها دەخولقێنن کە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت. هەندێ کۆمەڵگا توانیویانە بگەنە ئاستێکی شارستانی وەها کە بەها و نەریتە پاتریارکیەکان کەمتر لەبرەو دان و سەنگیان کەمتر بۆتەوە. لە جێگایاندا دامودەزگای مەدەنی برەویان پێدراوە و یاسای رەسمی شوێنی دەسەڵاتی نەریتە کۆمەڵایەتیەکانی گرتۆتەوە. لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا ژن بە خەباتی خۆیی و پشتگیری دەسەڵاتی یاسایی توانیویەتی کۆمەڵێ ماف بەدەست بێنێ و ستاتویەکی چاکتر لە رابردوو بۆ خۆی دابین بکات. لە وولاتانی ئەوروپای رۆژئاوادا چەندین کۆد و یاسا و فەرمانی دەوڵەتی هەن کە هەڵاواردنی سێکسی و توندوتیژیی بەرامبەر بە ژن تاوانبار دەکەن و داکۆکی لە ژن و مافەکانی ژن دەکەن. کەچی لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵات و لەوانە کۆمەڵگەی کوردی، نەک هەر هەڵاواردنی سێکسی و توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان لەبرەودان و تاوانبار ناکرێن، بەڵکو بەناوی کولتور و ترادیسیۆنەوە بەرگریشیان لێدەکرێت، توندوتیژی بە بەهانەی ناموسپەرستیەوە دەچێتە ناو خانەی تایبەتمەندێتی توندوتیژیەوە و بە بێ باسکردنی کولتور و مێژووی تایبەتی میللەتانی سەر بەو دیاردەیە ناتوانین تێی بگەین و ستراتیژییەتی گونجاو دابنێین بۆ لەناوبردنی. باسکردن لە تایبەتمەندێتی کولتوریی ئەم دیاردەیە مانای وانیە کولتور بکرێتە ناسنامەیەکی چەسپاو و گشتی و لەژێر پەردەیدا کوشتن و توندوتیژیەکان پاکانەیان بۆ بکرێت.

---

[2]. جۆری دووەمی توندوتیژیی بریتیە لە توندوتیژیی دەوڵەت و دامودەزگا و دامەزراویی دەوڵەتی بەرامبەر بە هاوڵاتیان کە لێرە من تەنها ئاماژەی بۆ دەکەم. شایانی باسە قسەکردن دەربارەی توندوتیژیی لە سەر ئاستی ناوخۆیی و پانتایی نهێنیدا، دەمانهێنێتەوە سەر باسی پرۆژەی نەتەوەیی کوردی و ناسیۆنالیزمی کوردی کە من زۆر بە کورتی لێی دەدوێم.

### 1. 2: . توندوتیژی بە ناوی نامووسپەرستیەوە وەکو فۆرمێکی تایبەت

ئەگەر توندوتیژیی وەکو دیاردەیەکی پاتریارکی لە سەرانسەری جیهاندا بەرامبەر بە ژنان پیادە بکرێت، کاتێ بە ناوی نامووسپەرستیەوە ئەو توندوتیژییە ئەنجام دەدرێت فۆرمێکی تایبەت وەردەگرێت. هەموو جۆرەکانی توندوتیژیش لە ستروکتوری پاتریارکی و هاوکێشەی هێز و دەسەلاتدا چاووگە دەگرن: پیاو لە هەوڵی ئەوەدایە جەستە و سێکچوالیتێی و ژیانی ژن کۆنترۆل بکات. ژن دەهێنرێتە ئاستی کەل و پەل و وەکو ئۆبژێکتێ سەیر دەکرێ و پیاوان خۆیان بە خاوەن و پارێزگاریکەری دەزانن.

هەروەکو ووتم، کاتێ باس لە تایبەتمەندێتی توندوتیژیی دەکەین، دەبێ باس لە کولتور و مێژووی ئەو میللەتانە بکەین کە نامووس و شەرەف وەکو هاندەرێکی گەورە و کاریگەر بەکاردەهێنن بۆ برەودان بە توندوتیژی تا ئاستی کوشتن. لێرەدا من باس لە کورد و چۆنیەتی پراکتیکی ئەو دیاردەیە لە لای کورد لە ناوەوە و لە دیاسپۆرای کوردیدا دەکەم. دیارە ئەم دیاردەیە تەنها لە لای کورد پیادە ناکرێت و لە زۆر شوێنی دیکەی جیهان و لە لای زۆر میللەتی دیکە دا لەبرەودایە.

لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ژن نامووسی پیاوە. نامووسی ژنیش لە گوێڕایەڵی و پەیڕەوکردنی تەواوی رەووشتە کۆمەلایەتیە باوەکاندایە هاوتا لەگەڵ رازیبوونی تەواو بە دەسەلاتداریەتی پیاوان و چەوساندنەوەی پاتریارکی: پاراستنی کچێنی، لە ماڵ دەرنەچوون، خۆپۆشین و خۆدەربڕین بە گوێرەی نەریتی باو و سەپێنراو، رازیبوون بە شووکردن لە تەمەنێکی بچووک، گەورە بە بچووکی و ژن بە ژنێ و هتد.. لێرەدا ژن لە خودی خۆی دادەبڕێنرێ و بۆ بە ئەنجامدانی داخوازی و فەرمانەکانی پیاو خێزان و گروپ و کۆمەڵگە دەژی. رازیبوون بەم بارودۆخە نامووسی ژن فەراهەم دەکات کە لە ئەنجامدا بۆ دابینکردن و بەهێزکردنی نامووس و شەرەفی پیاوان بەکاردەهێنرێت. پیاوی بەنامووس لە رووانگەی کۆمەڵگەوە ئەو پیاوەیە کە بتوانێ دەسەلاتی تەواوی بەسەر ئەندامە ژنەکانی ناو خێزانەکەیدا هەبێت و رامیان بکات و بەگوێرەی خوونەریت و رەووشتی باو و سەپێنراو هەڵسوکەوت و رەفتاریان سنوردار بکات. لێرەدا نامووسی پیاوان لە رەفتار و ستاتوی ئەندامە ژنەکانی ناو خێزان دایە، بە تایبەتی لایەنی سێکچوالیتی. تا پیاو زاڵتر بێت و سنوری ئازادییەکانی ژن تەسکتر بکاتەوە، ئەوەندە کەسایەتی هەڵچنراوی لەسەر نامووس بەرز دەبێتەوە. بە پێچەوانەشەوە، دەرچوونی ژن لە سنوری نۆرم و نەریتە کۆمەلایەتیەکان شەرم و بێنامووسی دەگەیەنێ بۆ پیاو و ژیانی ژن دەخاتە مەترسیەوە. لە پێناوی گەڕاندنەوەی نامووس و بە فەرمانی عەقلیەتی گشتی دەبێ ژن سزا بدرێت. سزادانیش زۆر جۆری هەیە: وەکو داگیرکردنی ئازادی و

لەماڵ بەستنەوە، لێدان و ئەشکەنجە، ئەتککردن، تا دەگاتە ئاستی کوشتن کە توندوتیژترین جۆرەکانی سزادانە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ناتوانین بڵێین کوشتنی ناموسپەرستانە خاسیەتێکی **جەوهەریی** کولتوری کوردیە. لە ناو کۆمەڵگە و کۆمیونیتی کوردیدا دەنگی جیاواز هەیە و خەڵکێکی زۆر دژ بەم دیاردەیەن؛ واتە کەسانێک هەن ناموس و شەرەف گرێ نادەنەوە بە جەستە و سێکچوالیتێی ژن و داکۆکی لە ئازادیی ژن و مافی یەکسانی دەکەن.

# بەشی دووەم:
# کولتور و ئایین

## 2. 1: کولتور وەکو نەریت و رەفتاری کۆمەڵایەتی

شیکردنەوەی چەمکی کولتور پێناسەی زۆر هەڵدەگرێ و زۆریشی لەسەر نووسراوە. رایمۆند ویلیەمز[3] بە سێ جۆر باس لە چەمکی کولتور دەکات:

- کولتور بریتیە لە شارستانیەت، واتە پرۆسەی پێشکەوتنی رۆشنبیری و رۆحی و ئیستاتیکی.
- کولتوری باڵا کە لە بەرهەم و چالاکیی رووناکبیریی و هونەریدا رەنگ دەداتەوە.
- کولتور واتە بەها و خوونەریتی کۆمەڵی خەڵک. ئەمەش چۆنیەتی ژیان و رەفتار و رەووشتی کۆمەڵایەتی کۆمەلگە دەگەیەنێ.

من لێرەدا کە باس لە کولتور دەکەم، مەبەستم پێناسەی سێیەمیەتی کە لە بواری سۆسیۆلۆژیدا بەکاردێ. لەماوەی سێ چوار ساڵی رابردوودا، دوای کوشتنی پێلا و فادیمە و هێشووش بەم دواییە لە لەندەن، کورد و کولتوری کوردی لە کەناڵە جیاجیاکانی میدیای ئەوروپی و جیهانیدا رۆشناییەکی زۆریان خرایە سەر. لە زۆربەی باسە رۆژنامەگەرییەکاندا مەسەلەی کوشتن بە بەهانەی ناموسپەرستیەوە بە زمانێکی سادە و پەنماو بەهەستی ووروژێنەر دەنووسرێن. ئەم جۆرە ووتارانە تا رادەکی زۆر رۆلیان هەبووە لە نەخشکردنی وێنەیەکی

[3] .Williams (1983: 90)

نێگەتیڤی کورد وەکو مرۆڤکوژ و دواکەوتوو و بەربەری لە عەقلیەتی گشتی ئەوروپیدا (بە پلەی یەکەم وولاتانی ئەسکەندناڤیا و بەریتانیاش بەم دواییە). لە هەمان کاتدا، ووتار و باسە رۆژنامەگەرییەکان کۆمەڵگەی کوردیان خستە ناو حالەتێکی دەروونی و وجودی ئالۆزەوە. کە لە ئەنجامی نەبوونی لێکدانەوەی تیۆری و تێگەییشتن بۆ خود و کۆمەڵگە، زۆربەی ئەندامانی کۆمیونیتیی کورد کەوتنە ناو هەڵوێستی بەرگری لەخۆکردن و دژەبەرکارێکی نێگەتیف دروست بوو. ئەم بارودۆخە بۆی هەیە لە ئەنجامدا ببێتە هۆی دروستکردنی سنوری ئێتنیکی و جۆرێ لە دەمارگرژی لە نێوان کورد و کۆمەڵگەکانی تردا، بەتایبەتی ئەو کۆمەڵگانەی کە کورد لەلایان میوانە کە من لێرەدا بە کۆمەڵگەی پێشوازیکەر (host society ) ناویان دەبەم. مەترسی گەورەی ئەم بارودۆخە ئەوەیە کە هەلومەرجی لەم شێوە بوار خۆش دەکات بۆ کۆنەپەرست و راستڕەوەکان بۆ دژایەتیکردنی خەڵکی پەنابەر و بێگانە و برەودان بە ئایدیۆلۆژیای رەگەزپەرستی و پاتریارکی. لە هەمان کاتدا، ئەم بارودۆخە دوورمان دەخاتەوە لە مەسەلە سەرەکیەکە؛ هەرچەندە ژنی کورد و پەیوەندییەکانی ژێندر لەناو کورد کرۆکی سەرەکیی باس و ووتارەکانن بەڵام ئەمانە زیاتر بەکاردەهێنرێن لە چوارچێوەی ئاخاوتنێکی ئایدیۆلۆژیانە کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی ستیگماتیزەکردنی تەواوی کۆمیونیتی کورد و زیاتر دوورەپەرێزیی و نامۆکردنی مرۆڤی کورد لەگەڵ خودی خۆی و دەوروبەرەکەی. لە تەواوی ئەو پرۆسەیەدا مەسەلەی کوشتنەکان و لێکۆڵینەوە و گەڕان بەدوای ستراتیژییەت و رێگەچارەی لەبار بۆ لەناوبردنی ئەو دیاردەیە کەمتر جێگای بایەخن.

هەروەکو تیۆریی نوێی تایبەت بە کولتور دەیسەلمێنێ، کولتور یەکەیەکی چەسپاو و بێجووڵە و یەکگرتوو نیە کە کۆمەڵێ خوونەریتی باو بەسەر تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگەدا بسەپێنێ. کولتور دەوڵەمەند و هەمەجۆرە و پڕە لە بەربەرەکانێ و ناکۆکی و لە گۆڕانی هەمیشەییش دایە. لەم پرۆسەیەی گۆڕان و ئاوەژووبوونەشدا، کولتور بە پێی ئەزموونی تاک و گروپ گۆڕانکاری تایبەتی بەسەردا دێت. واتە بەها و خوونەریتە باوەکان بەیەک ئاست و بە یەک شێوە وەبەرهەم نایەنەوە. میللەتی کوردیش گروپێکی یەکگرتوو و یەک بیر و یەکانگیر و قەتیسماو نیە. لە ناو کورددا جۆرەها دەنگی جیا و شەپۆلی بیری جیا و جیاوازی گەورە هەن. ئەو لایەنی کولتوریەی کە پێشتر بە نەریت و خوورەووشتی کۆمەڵایەتی و شێوە ژیان ناووم برد، بۆ هەموو کورد وەکو یەک نیە. مرۆڤی کورد وەکو تاک و چین و ژێندر و حیزب و بەشە جیاجیاکانی کوردستان بە شێوازی جیاجیا بیردەکەنەوە و گەشە دەکەن و دەچنە پێشەوە. ئەم شێوازە جیاجیایانەش کاردەکەنە سەر عەقلیەت و

چۆنیەتی ژیانی تاک و گروپەکان؛ واتە مرۆڤەکان و کولتورەکان دەگۆڕێن جا هەندێکیان بە سستی و هەندێکیان بە خێرایی و کاریگەرانەتر.

## 2. 2: ئیسلام و کوشتنی ناموسپەرستانە

ئەگەر چاوێک بگێڕین بەناو ئەدەبیاتی فێمینستی و ئەو ئاخاوتنانەی لەمەڕ کوشتن بە بەهانەی ناموسپەرستیەوە داڕێژراون، دەبینین زۆر قسە لەسەر ئایین کراوە[4]. کەم لەو باسانە هەوڵیان داوە بە شێوازێکی زانستیانە باسەکە بوروژێنن. دەتوانین ئەو باسانە کە مەرج نیە تەنها نووسراو بن بەڵکو لە پرۆگرام و کۆڕ وکۆبوونەوەی تەلەڤزیۆنی و جەماوەریدا خراونەتە روو، لە دوو تەوەردا کۆبکەینەوە: یەکەمیان ئەوانە دەگرێتەوە کە سەر بە ئایدیۆلۆژیای مارکسین و لە چوارچێوەی سیاسەتی حیزبێکی چەپی توندڕەودا بیردەکەنەوە. دووەمیان ئەوانە دەگرێتەوە کە سەر بە ئایدیۆلۆژیایەکی ناسیۆنالیستانەی توندڕەون. ئەمەی دواییان کەسانێک دەگرێتەوە کە وەکو کورد و بەرگری لە ناسنامەی کوردیی خۆیان جیادەکەنەوە لە ئایینی ئیسلام و مێژووی ئیسلام. هەردوو گرووپ لە باسکردنی ئاییندا، لە جیاتی لێکدانەوەی زانستی، هێرش دەکەنە سەر ئیسلام و بە سەرچاوەی تەواوی دەرد و گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی کوردی لە قەڵەم دەدەن. ئەم ئاخاوتنانە لە جیاتی یارمەتیدان بۆ تێگەییشتنمان لە دیاردەکان و دۆزینەوەی چارەسەر، مەسەلەکان ئاڵۆزتر دەکەن و جۆرێک لە دژەبەرکاری نێگەتیڤیش لە میانی خەڵکدا دروست دەکەن. لەسەر ئاستی کوردیدا، ئەم حالەتە کەسانی سەر بە ئایین و زۆربەی زۆری ئەندامانی کۆمەڵگە دەوروژێنێ و لە ئەنجامدا بە بیانووی داکۆکیکردن لە ئایین دژایەتی بزووتنەوەی ژنان و بەرگریکەرانی مافەکانی ژن دەکەن. لەسەر ئاستی جیهانیشدا، ئاخاوتنی لەمجۆرە برەو بە ئایدیۆلۆژیای رەگەزپەرستی و راستڕەوە رۆژئاواییەکان دەدات. واتە کێشە و دووبەرەکی لە نێوان کولتور و ئایینەکان دەخولقێنێ. ئەمەش لە جیاتی چارەسەرکردن، برەو بە گیروگرفتەکان دەدات.

شایانی باسە کە لە کۆنتێکستی سەردەمی ئەمڕۆ و پاش یانزەی سێپتێمبەری 2001 دا، بارودۆخێکی نالەبار رەخساوە. لەم بارودۆخەدا جیهان دابەشکراوە لە

---

[4]. رۆلی ئایین لە برەودان بە سیستەمی پاتریارکی و چەوساندنەوەی ژن باسی زۆر هەڵدەگرێت، مەبەستی من لێرەدا تەنها رۆشنایی خستنە سەر لایەنی زینا و سزادانی بکەری زینایە بە پێی قورئان. جگە لەمە هیچ بەشێکی دیکەی قورئان راستەوخۆ گرێمان ناداتەوە بە دیاردەی کوشتنی ناموسپەرستانەوە.

نێوان باکور و باشور، ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات. هەروەها ئایینەکان و کولتورەکان لە دوو کاتیگۆریدا کۆکراونەتەوە و دابەشکراون بۆ سەر دواکەوتوو و پێشکەوتوو، بەربەری و مرۆڤدۆست، شەڕئامێز و ئاشتیخواز. ئایینی ئیسلام و موسڵمانان لە کاتیگۆری نێگەتیڤ و ئایینی مەسیحی و ڕۆژئاواش لە کاتیگۆری پۆزەتیڤدا ئاخنراون. مرۆڤ لەم کۆنتێکستەدا، کاتێ باس لە ئایین دەکات، دەبێ ووریا و هۆشیار بێت و نەکەوێتە داوی ئەو ئایدیۆلۆژیا نامرۆڤانەی کە برەو بە کێشە و دووبەرەکی نێوان مرۆڤەکان و کولتور و ئایینەکان دەدات. ئەمە مانای وانیە ئێمە نەتوانین ڕەخنە لە ئایین بگرین، بەڵکو پێویستە بە شێوەیەکی زانستی و فیکری لێی بڕوانین و لێکدانەوەی قووڵ و عەقلانی دابڕێژین نەک سەرپێی و کێشەئامێز. هەر لێکدانەوەیەک وابەستە نەبێت بە فیکر و عەقلانیەت لە خزمەتی بابەتەکە نیە و گرفتی زیاتر دەخاتەوە.

من لێرەدا نامەوێ باس لە ئیسلام و ستاتو و مافی ژن لە ئیسلامدا بکەم کە دیارە لێکدانەوە و ئاخاوتنی زۆر هەڵدەگرێت، مەبەستی من لەم کورتە باسەدا تەنها نزیکبوونەوەیە لە پەیوەندیی ئیسلام بە کوشتنی ناموسپەرستانەوە. قورئان باس لە کوشتنی ناموسپەرستی ناکات؛ تاکە بابەت کە لەم مەسەلەیە نزیکە، زینا و کۆدەکانی سەر بە زینایە.

کوشتن بە بەهانەی ناموسپەرستیەوە دیاردەیەکە سنوری کولتور و ئایینەکان دەبڕێت. واتە تەنها دیاردەیەکی ئیسلامی، کوردی یا عەرەبی نیە. دیارە ئایینەکان هەموویان بنچینەیەکی پاتریارکیان هەیە. جیاوازی سەرەکی ئیسلام لەگەڵ هەردوو ئایینە یەکخوداییەکەی تر (ئایینی یەهودی و مەسیحی) ئەوەیە کە ئیسلام لەیەک کاتدا دینە و سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریشە. واتە ئیسلام بە ئاشکرایی لە زەمینەی ڕۆحی دەردەچێت و کۆد و یاسا دادەڕێژێت بۆ دیاریکردنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لە سەر ئاستی ڕۆژانە. شەریعەی ئیسلامی گەواهی ئەم حەقیقەتەیە. بەڵام مەرج نیە هەموو ئەوەی لە ئیسلامدا پیادە دەکرێت، سەرچاوەکەی لە قورئانەوە هاتبێت. بۆ نمونە قورئان لە باسی زینادا باس لە سزادانی یەکسان دەکات بۆ پیاو و ژن کە بریتیە لە «سەد قامچی». لە قورئاندا باس لە سزادان بە شێوەی بەردباران کردن تا مردن نەکراوە. لە ڕاستیدا بەردباران کردن تا مردن لە سەر بنچینەی حەدیسەکانی موحەممەد دارێژراوە و بە پێی تەفسیری زانا ئیسلامییەکانیش لێکدراوەتەوە. تەفسیری زانا ئیسلامییەکانیش،

هەروەکو محەممەد ئەرکون دەڵێت گوزارە لە بیر و رەفتاری ئەوسا دەکات نەک لە حەقیقەتێکی رووت.[5]

لە شەریعەی ئیسلامیدا کۆمەڵی مەرج هەیە بۆ بڕیاردان لە سزادانی کەسانێ کە زینایان کردبێ؛ ئەگەر ئەو کەسە خۆی دان نەهێنێ بە کردەکە، ئەوە دەبێ چوار شاهێد هەبن کە کردەکەیان بینیبێ. ئەمەش بەرای زۆر زانا ئەستەمە و ئیحتیمالی سەد قامچییەکەش بەلاوە دەنێت. دیارە ئەمانە هەمووی لە کۆنتێکستی چواردەسەدە پێش ئێستا داڕێژراون و ئیمڕۆ دەبێت بە شێوازێکی دیکە بیریان لێبکرێتەوە و لێکبدرێنەوە کە لەگەڵ رۆحی سەردەمەکەمان بگونجێت. بە داخەوە، ئیمڕۆ زانایانی ئیسلامی و گەورە نوێنەرانی موسڵمان نایانەوێ بە مێتۆدێکی مێژووییانە رەفتار لەگەڵ قورئان بکەن؛ واتە ئەوان قورئان بە ووشەی خودا دەزانن و لە دەرەوەی کۆنتێکستی کات و سەردەم دایدەنێن. ئەم جۆرە عەقلیەتەش لە ئەنجامدا گۆڕانکاری قبوڵ ناکات و لە جیاتی خۆگونجان لەگەڵ رۆحی سەردەم، دەیانەوێ خەڵک بگەڕێننەوە بۆ رابردوویەکی دوور و دابڕان لە ئێستا. ئەمە دەردی بنچینەیی ئیسلامە کە لە کۆنتێکستی ئیمڕۆدا و لە چوارچێوەی ئیسلامی سیاسیدا ژنی کردۆتە ئامرازێکی سیاسی و لە ناوەندی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیزمدا بۆ مەبەستی خۆی بەکاری دەهێنێت. ژمارەیەکی زۆری ژنانیش لەم سەردەمە پڕ گرفت و قەیرانەدا سەلوای رۆحی و فیزیکی لەوانەوە بەدی دەکەن و خۆیان بە گروپە ئیسلامیە سیاسیەکانەوە دەبەستنەوە.

## بەشی سێیەم: ناسیۆنالیزم و پەیوەندیەکانی ژێندر

### 3 . 1: پێناسەی ناسیۆنالیزم

ناسیۆنالیزم چەمکێکی ئەوروپاییە و لە واقیعی ئەوروپای رۆژئاوادا سەریهەڵداوە. تیۆرە جۆراوجۆرەکانی ناسیۆنالیزم بە زۆر شێوە لەم چەمکە دواون کە لە یەکتری جیاوازن، بەڵام لە خاڵێکی گرنگ یەکدەگرنەوە. ئەو خاڵەش تایبەتە بە خاسیەتی ژێندرئامێزی ناسیۆنالیزم: واتە رۆلی ژن لە پرۆسەی دروستبوون و گەشەکردنی نەتەوەدا. هەر هەموو تیۆرەکانی ناسیۆنالیزم رۆلی ژن لە دروستبوون و پێشکەوتنی نەتەوە پشتگوێ دەخەن.

---

[5] . Arkoun (1982).

www.kurdistannet.org

بەپێی تیۆریترادیسیۆنالی ناسیۆنالیزم، نەتەوە بریتیە لە «یەکەیەکی سروشتی و درێژکراوەی پەیوەندییەکانی خزمایەتیە، کە لە هەلومەرجی لەباردا دەسەڵات پەیدا دەکات»[6]. تیۆری مۆدێرن ئەم پێناسەیە رەت دەکاتەوە؛ بە پێی تیۆری مۆدێرن ناسیۆنالیزم زادەی پرۆسە مۆدێرنەکانی وەکو سەرهەڵدانی پیشەسازیی سەرمایەداریە و بەرهەمی نوخبەیەکی رۆشنبیر و سیاسیە کە یەکگرتوویی کولتوری لەناو چینی شارنشین و مۆدێرندا دەپارێزێ. ئەنتۆنی سمس لە تیۆری نەتەوە و ناسیۆنالیزمدا پێناسەیەکی زیاتر نێوانەیی دەخاتە روو. بۆ ئەو ناسیۆنالیزم بریتیە لە بزووتنەوەیەکی ئایدیۆلۆژی و بۆ سەربەخۆیی و پاراستنی نەتەوەیی و هەروەها بۆ دابینکردنی یەکێتی و ناسنامە، لە بەرژەوەندی کەسانێک کە بە رای هەندێ خەڵک دامەزرێنەری سەرەکیی نەتەوەن. هیچ کام لەم پێناسانە باس لە رۆلی ژن لە دروستکردنی نەتەوەدا ناکەن. کەچی ژن بە زۆر شێوە بەشداری لە پرۆسەی دروستبوونی نەتەوەدا دەکات. تیۆری فێمینیستی سێ جۆری ئەم بەشداریکردنە دەوورۆژێنی: لە رووی بایۆلۆژی و کولتوری و سیاسیەوە. شایانی باسە کە تیۆری فێمینیستی بە بەراووردکردن لەگەڵ تیۆریەکانی دیکە زۆر نوێیە؛ هەرچەندە ئەم تیۆریە توانیویەتی ئاخاوتن لەمەڕ ناسیۆنالیزم و نەتەوە رێژەیی بکاتەوە و بیخاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵام زۆر گەشەی نەکردووە.

بە پێی تیۆری فێمینیستی، ژن لە روی بایۆلۆژییەوە «رەحمی نەتەوەپەرستانە»؛ بە منداڵبوون و نەوەخستنەوە، ژن بەردەوامی و گەشە بە نەتەوە دەدات. لە رووی کولتوریشەوە، ژن پارێزگاریکەری سەرەکی فۆرمە کولتوریەکانە و چەمک و بەها و سیمبۆل و ئەفسانەی سەر بە گروپ زیندوو رادەگرێت. ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی وابەستەیە بەو فۆرمە کولتوری و چەمک و سیمبۆلانە و وەکو رەگ خۆیان پێوە دەبەستێتەوە. ژن لە رووی کولتوریەوە وەها دەبینرێ کە یەکگرتووی نەتەوە دابین دەکات و دەنگی گشتیی دەپارێزێ ، هەر بۆیەش وەکو شەڕەفی نەتەوەش رەفتاری لەگەڵدا دەکرێت. لە رووی سیاسیشەوە، ژن بە خەباتی سیاسی و چەکداری بەشداری لە پرۆسەی نەتەوەییدا دەکات. سەرەرای ئەم فۆرمە جیاجیانەی رۆلی ژن لە بنیاتنان و گەشەپێدانی نەتەوەیدا، نەتەوە بە موڵکی پیاو دادەنرێت. پیاو وەکو دروستکەر و سەردار حسێبی بۆ دەکرێت و ژنیش بۆ مەبەست و بەرژەوەندیی پیاو بەکاردەهێنرێت. لێرەدا، ژن وەکو پاسیڤ و پیاویش وەکو یەکەی کاریگەر و ئاکتیڤ دەدرێنە قەڵەم. لە راستیدا مێژوو و سیاسەت کراون بە موڵکی پیا و ژنیش لە فەزای نهێنی و تایبەتی و ناوماڵدا «پرایڤت» ئاخنراوە. فێمینیزم وەکو چالاکی و وەکو تیۆر ئەم لێکدانەوانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە رەخنەیان لێدەگرێت. بەڵام دیارە

---

6 .Yuval .Davis (1997: p. 1)

له جیهاندا تەنها یەک جۆرە فێمینیزم نیە و خۆلێدانیش لە مەسەلەی ناسیۆنالیزم زۆر شێواز وەردەگرێت.

## 3. 2: ناسیۆنالیزمی کوردی و پرۆگرامی حیزبەکان

رەگی ناسیۆنالیزمی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە و خەباتی میر بەدرخان بەگ بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی میرنشینی بۆتان. سەرەڕای هەبوونی جۆرێ لە هۆشیاریی نەتەوەیی لە لای کۆمەڵێ گەنجی سەر بە خانەوادە ئەرستۆکراتەکانی کورد کە لە ناو ئیدارەی سیاسی و سوپای عوسمانیدا کاریان دەکرد، بزووتنەوەی ناسیۆنالی کوردی تا ساڵانی سی ستروکتورێکی ئەوتۆی نەبوو. لە ساڵانی سیدا، بە هۆی گروپێکی گەنج و رۆشنبیر کە خوێندنی دانیشتگایان تەواو کردبوو، بیری نەتەوەیی چینی ناوەڕاستی شارەکانی گرتەوە[7]. دامەزراندنی کۆمەڵەی هیوا لە سییەکان و ژێکاف لە سەرەتای ساڵانی چلدا، بەشێک بوو لە خەباتی ئەو چینە رۆشنبیرە کە زیاتر بۆ پێشخستنی کولتوریی کوردی و دروستکردنی ئینتەلیجەنیسیای کوردی تێدەکۆشان. بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە چوارچێوەی رێکخراوی مۆدێرن و شێوە حیزبیدا لە کوردستان لە ساڵانی چل گەشەی کرد لەگەڵ دروستبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دیموکراتی کورد لە عێراق (دواتر بوو بە پارتی دیموکراتی کوردستان) لە 1946 دا. دیارە لەو کاتەوە زۆر حیزب و گرووپی دیکەی سیاسی دروستبوون کە ئێمە نامانەوێ لێرەدا باسی بکەین. ئیمڕۆ لە کوردستان کۆمەڵێ حیزب هەن کە بەناوی خەبات و بەرگریکردنی نەتەوەیی کوردیەوە چالاکی دەنوێنن، بەڵام هەستێکی گشتیی نەتەوەیی لە پرۆژەی سیاسیاندا نیە. بۆیە دەتوانین بڵێین لە کوردستان کۆمەڵێ ناسنامەی نەتەوەیی هەن کە ناسیۆنالیزمی کوردی وەکو ئایدیۆلۆژیا رەش دەکەنەوە.[8]

حیزبەکوردیەکان بە شێوەیەکی گشتی لە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی نەریتخوزانەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئەمەش بە پلەی یەکەم لەبەر ئەوەیە کە کۆمەڵگەی کورد کۆمەڵگەیەکی ترادیسیۆناڵە. ئەم خاسیەتە کاری کردۆتە سەر ستروکتوری حیزبەکان و بیری سیاسیان. لەگەڵ جیاوازییەکی کەم لە نێوان لایەنی چەپی مارکسی و راستڕەوەکان، حیزبە کوردیەکان بە دینامیکیەتێکی عەشایری بەڕێوەدەچن. دینامیکیەتی عەشایریش لە دوو رووەوە زەرەر لە پرۆژەی نەتەوەیی کوردی دەدات: یەکەمیان

---

[7]. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (Begikhani (2003

[8]. بۆ زانیاری زیاتر لەم رووەوە، بڕوانە (Vali (2001

ئەوەیە کە ئەم خاسیەتە عەشایریە پرۆسەی دروستبوونی ناسنامەی نەتەوەیی دوادەخات. دووەم: پێکهاتە و پەیوەندییە عەشایریەکان برەو بە عەقلیەتی کۆنەپەرست و نەریتخواز دەدەن و پرۆسەی دروستبوونی فەزایەکی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی نوێ و کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی کوردی دوا دەخەن.

عەقلیەتی کۆنەپەرستی و نەریتخواز لە پرۆگرامی حیزبە کوردیەکان بە زەقی رەنگی داوەتەوە، خاسیەتی هەرە سەرەکی ئەم عەقلیەتە نەبوونی دیموکراسی و پێشیلکردنی مافەکانی مرۆڤە؛ لە ناو حیزبە کوردیەکان بواری گەشەکردن و پێگەییشتن لەبەردەم تاکک نەماوەتەوە و بیری گروپ و خێلەکی زاڵە. بیری گروپیش گوزارە لە بیری تۆتالیتاری کەسێ یان بنەماڵەیەکی سەرکردە دەکات کە ئازادی تاکە کەس دەسرێتەوە و بە شێوازێکی دیماگۆژیانە گەل بەرەو هیوایەکی ناواقیعی دەبات. ژن لە پرۆگرام و ئاخاوتنی سیاسیی نوێنەرانی ئەو حیزبانەدا وەکو مرۆڤ بوونی نیە، بەڵکو وەکو سیمبۆل و بەهای کولتوری بەکاردەهێنرێت و لە شێوەی ئیماژ و ئامرازی پیاهەڵدان و پاسیڤ بەرزدەکرێتەوە بۆ ئاستی ئایدیال و ئەفسانە. لە واقیعیشدا پرۆگرام و پەیرەوی حیزبە سیاسیەکان برەو بە ژێردەستەیی و چەوساندنەوەی ژن دەدات. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکە توندوتیژیی رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان نەخشی خۆی جێهێستووە لە سەر سیاسەت و پەیرەوی حیزبە کوردییەکان. واتە حیزبە کوردییەکان سیاسەتی رژیمە داگیرکەرەکان بەرهەم دێننەوە و توندوتیژییەکانی شەڕ لە سەر جەستە و سایکۆلۆژیای ژن پیادە دەکەنەوە. هەرچەندە ژنێکی زۆر خۆیان بە حیزبەکانەوە بەستۆتەوە و لەناو خودی حیزبەکان رێکخراوی ژنان و ئافرەتانیان دامەزراندووە، بەڵام کەم لەم ژنانە توانیویانە سەربەخۆ و ئازادانە داکۆکی لە مافەکانی ژن بکەن و لە کاتی پێویستدا رەخنە لە سەرداره پیاوەکانیان بگرن.[9]

---

[9]. کوشتن وتووندوتیژی بەناوی ناموسپەرستیەوە یەکێکە لەو مەسەلانەی دەسەڵاتداران و نوێنەرانی حیزبە سیاسیە کوردیەکان چاوی لێدەپۆشن و حەز ناکەن بێتە ناو باس و بواری گشتییەوە. ژمارەیەکی زۆر لە رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان ملکەچی ئەو سیاسەتەن. بۆ نمونە، بنکەی یەکێتی ژنان لە لەندەن بە هەمان شێوەی یەکێتی نیشتمانی، بێدەنگ بوو لە بەرامبەر کوشتنی هێشوو و بە تاکە راگەیاندنێک ئەو کردەیەی تاوانبار نەکرد. ئەوە لەکاتێکدا بکەری کوشتنەکە، واتە باوکی هێشوو کارمەندی یەکێتی نیشتمانی بوو لە لەندەن و هاوتا لەگەڵ نوێنەری رێکخراوی ژنان لە هەمان ئۆفیس کاری دەکرد.

www.kurdistannet.org

## 3 .3:  پرۆژەی نەتەوەیی کوردی و پەیوەندیەکانی ژێندر

خەبات و بەرگریی کێشەئامێزی نەتەوەیی، کوردیان لە چوارچێوەیەکی داخراودا هێشتۆتەوە و بواری گۆڕانکاری و کردنەوەی بۆ سەر کولتوری مۆدێرن و مەدەنی لەبەردەمدا تەسک کردۆتەوە. ئەم حالەتە کۆمەڵێ سنوری سیاسی و کولتوری و کۆمەڵایەتی لە نێوان کورد و جیهانی دەرەوەدا دروست کردووە. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی دیکە، شەڕی چەکداری[10] و ئەو توندوتیژیانەی ساڵەهای ساڵە بەرەورووی کورد بۆتەوە، کاریگەری نێگەتیڤیان هەبووە لەسەر سایکۆلۆژیای کوردی و ژنی کورد بە تایبەتی.

کرۆکی بەرگریی کوردی و خەباتی نەتەوایەتی خۆی لە پاراستنی هەویەتی/ناسنامەی گشتی و ترادیسیۆنی کولتوریدا دەنوێنێ. لێرەدا کورد وەکو خێزان و کۆمیونیتی و حیزب و کۆمەڵگە دوورەپەرێز و داخراو ماوەتەوە کە لە ئەنجامدا خۆی زیاتر بە نەریت و خوورەووشتی کۆمەڵایەتیەوە بەستۆتەوە بۆ دابینکردنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی گشتی. حیزبە کوردیەکان کە بە ناوی بەرگریکردن لە ئازادی و ناسنامەی نەتەوایەتیەوە خەبات دەکەن رۆلی گەورەیان هەبووە لە برەودان بە  عەقلیەت وستروکتوری پاتریارکی. ئەمانە بە شێوەیەکی راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ گەشە  بە نەریت و خوورەووشتە کۆمەڵایەتیەکان دەدەن کە لە بەرژەوەندیی ئازادبوون و سەربەخۆیی ژندا نین. هەر لەم رێگایەشەوە شەرعیەت دەدەن بە کۆنترۆلکردنی جەستە و کەسایەتی و ژیانی ژن. هەروەکو نیرا یوڤال داڤیس دەڵێت «ئەو کۆنترۆل و رەفتارە لە بارودۆخی خەباتی نەتەوەیی و هەبوونی مەترسی بێگانەدا زیاتر دەبێت»[11]

هەروەکو ئاشکرایە پرۆژەی نەتەوەیی و ئێتنیکی چەمکی «ئەویتر otherness » دەخاتەوە چ لە ناوەوە، چ لە دەرەوەی گروپ. واتە جیهان لە مەفهومی هەڵگری ئەم پرۆژانەدا دابەش دەبێ لە نێوان «ئێمە» و «ئەوان».  ژن لەم پرۆسەیەدا بەکاردەهێنرێت و هەم لە لایەن خێزان و هەم لە لایەن حیزب و کۆمیونیتی و کۆمەڵگەوە دەخرێتە قالبی ئەویتری نزم و بێبایەخەوە. ئەم بارودۆخە سیستەمێکی

---

[10]. شەڕی چەکداری لەو شێوەیەی کورد پیادەی کردووە زۆر کێشەئامێزە و قسەی زۆر هەڵدەگرێت کە لێرەدا جێگای باسکردن نیە. دیارە لە ئەنجامی نەبوونی ئەلتەرنەتیڤ و چەوساندنەوەی نەتەوەییدا کورد ئەو شەڕەی بەسەردا سەپێنراوە، بەڵام بەجێهێنانی پرۆسەی شەڕ و توندوتیژییەکانی زیاتر بە زەرەری کورد گەڕاوەتەوە.

[11] .Yuval. Davis (1997: p. 43)

کۆمەڵایەتی دروست دەکات کە زاڵی و ستەمکاری پیاو بۆ سەر ژن و ژێردەستەیی و دەستەمۆیی ژنانیش پتەو دەکات. ئەگەرچی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە هەندێ بەشی کوردستان ژنی لە ماڵ هێنایە دەرەوە و وەکو پێشمەرگە و شەڕکەر ژن هاتۆتە مەیدانی خەباتەوە، بەڵام هەر پیاوان دەسەڵاتدار و سەردار و بڕیاردەر بوون و بەرزکراونەتەوە بۆ ئاستی پاڵەوانیەتی. لە هەمان کاتدا ژنان ئایدیالیزە کراون و لە پشت پەردەی پەرستن و پیاهەڵگوتندا چەوسێنراونەتەوە. لە لای کورد دەڵێن «نیشتمان دایکە»؛ واتە ژن تەمسیلی خاک و وولات دەکات و پیاویش پارێزگاریکەر و سەردار. لێرەدا، لە خەیاڵی گشتیدا ژن خاکێکی بە پیت و بەرەکەتە و نەوە دەخاتەوە و گەشە بە نەتەوە دەدات و چارەنووس دابین دەکات. بۆیە دەبێ لە چاوی دەرەوە و 'ئەویتر' بپارێزرێ کە لەوانەیە بێتە ناویەوە و داگیری بکات. لەمەش زیاتر ژنان هەردەم دەهێنرێنە ئاستی منداڵ و زارۆکان، واتە بچوک دەکرێنەوە بۆ شەرعیەتدان بە سیاسەتی حیزبەکان و عەقلیەتی پاتریارکیان.

## 3 .4: دیاسپۆرای کوردی و وەبەرهەمهێنانەوەی ترادیسیۆن

هەروەکو پێشتر ووتم، پرۆژەی نەتەوەیی و ئێتنیکی چەمکی «ئەویتر otherness » دادەڕێژێ و برەو بە سنورە نەتەوەیی و ئێتنیکی و کولتوریەکان دەدات. لە ئەنجامدا جیهانی هەڵگری ئەو پرۆژانە تەسک دەبێتەوە و دابەش دەبێت لە نێوان «ئێمە» و «ئەوان»دا. ژن کە لەم بارودۆخەدا دەخرێتە کاتیگۆری ئەویتری نزم و بێتواناوە، وەکو هەڵگری بەها و نەریتەکان فشاری زیاتری دەخرێتە سەر. لە ڕێگای ئەم فشار و کۆنترۆڵەوە پیاو دەیەوێ ناسنامەی کولتوری و نەتەوەیی خۆی بپارێزێ. بە هەمان شێوە، ژن دەکرێتە سێنتەری ئایدیۆلۆژیا ناسیۆنالیستی و ئایینیەکان کە بۆ ئامانجی ئایدیۆلۆژی و برەودان بە دەسەڵاتی پاتریارکی بەکاردەهێنرێت. واتە ژن بەکاردەهێنرێت بۆ پاراستن و وەبەرهەمهێنانەوەی پەیوەندییەکانی ژێندر لەسەر شێوازی کۆن.

بە هۆی بارودۆخی سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیەوە، ژمارەیەکی زۆری کورد ئیمڕۆ لە دەرەوەی سنوری جوگرافی خۆیاندا دەژین. واتە بارودۆخی تایبەتیی کوردستان و سیاسەتی شەڕ و ڕاگوێزانەوە و شوێن پێچۆڵکردن، خەڵکێکی زۆری ناچار کردووە ژینگەی خۆیان بەجێهێڵن. ئەمانە یا لە شاری دیکەی سەر بەهەمان وولات وەکو ئەستەنبوڵ و ئەنقەرە یا لە وولاتانی دیکە نیشتەجێ بن. کورد ئیمڕۆ ژمارەیەکی گەورەی پەنابەر و موهاجیران پێکدەهێنن. ئەم جۆرە کۆچکردنانە و

نیشتەجێبوونی کورد لە وولاتانی ئەوروپی یا هەر کیشوەرێکی دیکە (کە من لێرە بە دیاسپۆرای کوردی ناودەبەم) هەروەکو چۆن لە بنچینەدا بە بێ ئارەزوو و بە زۆرەملێ بووە، بە هەمان شێوەش، نیشتەجێبوونیان سیمایەکی ناتەواوی هەیە. سەرەڕای ئەمەش، بەشێکی زۆری ئەندامانی دیاسپۆرای کوردی کە لەشەڕ و زیندانی و توندوتیژییەکانی رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان هەڵاتوون، تووشی تۆقان و زەندەقچوون (traumatism) و پارانۆیا بوون و ئاسایی نین. کوردێکی زۆر لە دیاسپۆرادا لە ناو جۆرێ لە گێتۆدا دەژین. واتە خۆیان وەدەرناوە لە کۆمەڵگە و گۆڕانکارییەکانی رۆژانە. لەم رەوتەدا هەوڵی خۆجیاکردنەوە و پارێزگاریکردن لە «کولتوری رەسەنی کوردی» زیاتر دەبێت. ئەمەش واتە قەتیسمان و نەجووڵان و گەشەنەسەندن؛ واتە دەرچوون لە پرۆسەی مێژوو. پارێزگاریکردن لە رەفتاری رەسەنی کوردی لە رێگای فشار و بەستنەوەی ئازادییەکانی ژنەوە ئەنجام دەدەن. ئەگەر لە ناوەوەی کوردستان پارێزگاریکردن لە رەسەنایەتی کورد وەکو چەکێک بەکاربهێنرێ دژی رژێمە داگیرکەرەکان، ئەوە لە دیاسپۆرادا ئەو چەکە بەکاردەهێنرێت دژ بە کولتوری «ئەویتر» و «بیانی» و ژنیش دەخرێتە ناوەندی ململانێ و ناکۆکیەکانەوە.

لە دیاسپۆرادا کورد راستەوخۆ لە رووی جوگرافی و کولتوریەوە لە کولتوری «ئەویتر» ی سویدی، فەرەنسی، ئینگلیزی، هتد. نزیکبۆتەوە کە بەهی خۆی نازانێ و گومانی لێدەکات و بە بیانی و نەشازی لە قەلەم دەدات. دیارە ئەم رەفتارە زیاتر لە لایەن دایک و باوکان و گەورەکانەوە پیادە دەکرێت. منداڵی ئەمانە کە بە نەوەی دووەم و سێیەم ناونراون، بە هۆی  خوێندن و هاموشۆی  بنکەکانی پەروەردە و فێرکردن لە پەیوەندیی راستەوخۆ و بەردەوام دان لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا. واتە ئەوان بە پێچەوانەی دایک و باوکەکان گەشە دەکەن و دەگۆڕێن. لە ئەنجامدا ماوەی کولتوری دروست دەبێت لە نێوان منداڵ و دایک و باوکاندا. ئەم ماوە کولتوریە لەبەر ئەوەی بنچینەیەکی رۆشنبیری نیە و ئایدیۆلۆژییە، بواری گونجان و تێگەییشتن تەسک دەکاتەوە و لە ئەنجامدا نەوەکان بەرەورووی کێشە و بەربەرەکانێ دەبنەوە. ئەم کێشانە خەستتر دەبنەوە کاتێ بواری دیالۆگ و گفتوگۆ نامێنێ و پەیوەندییەکان بە وەسیلەی لێدان و توڕەبوون و توندوتیژی بەرێوەدەچن، تا دەگاتە ئاستی کوشتن. دیارە ژن و کچ وەکو هەڵگری ناسنامە و بەها کولتوری و «رەفتارە رەسەنەکان» ن زیاتر بەرەورووی ئەو توندوتیژییانە دەبنەوە.

لێرەدا پێویستە ئەوەش بووترێ کە سیستەمی هەندێ لە وولاتانی پێشوازیکەریش هاندەرە بۆ دابڕانی کورد لە کۆمەڵگە نوێیەکەیی چ لەسەر ئاستی جۆگرافی چ لەسەر ئاستی سایکۆلۆژیدا. ئەم حالەتە کوردی وەدەرناوە «exclude» لە بواری

پیشەیی و کۆمەڵایەتی و کولتوریدا. ئەمەش کۆمەڵێ دەردی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیی دروستکردووە. ئەم دابڕان و وەردەرنانەی ئاوارە و پەنابەران تەنها لەوەوە نایەت کە ئەندامانی کۆمیونیتی ئارەزووی خۆگونجاندن و ئینتیگراسیۆنیان نیە، بەڵکو سیاسەت و پراکتیکی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتانی پێشوازیکەر و دامودەزگاکانی تایبەت بە ئاوارە و پەنابەران و خزمەتگوزارییەکان رۆلی تیا دەبینن. سەرەرای ئەوەی کە لە زۆربەی دەوڵەتاندا، خزمەتگوزاری پێویست پێشکەش بە ئاوارە و پەنابەران و ژنان بە تایبەتی ناکرێت بۆ ئینتیگراسیۆن، لە هەندێ دەوڵەتی وەکو بەریتانیا سیستەمی کۆمیۆنیتاری باوە. واتە دامودەزگا دەوڵەتیەکان واز لە کۆمیونیتی پەنابەر و ئاوارەکان دەهێنن و بودجە تەرخان دەکەن بۆ کۆمیونیتی سێنتەرەکان. ئەم کۆمیونیتی سێنتەرانە بە عەقلیەتی پاتریارکی و لە لایەن پیاوانەوە بەرێوە دەچن کە لە خزمەتی برەودان بە خوونەریت و رەفتارە باوەکان کاردەکەن. لەم بارودۆخەدا ژن زیاتر گۆشەگیر و دوورەپەرێز دەکرێت. ئەم دوورە پەرێزیی و دابڕانەی بوار بە ژن نادات مافەکانی خۆی بناسێت و بە باوەڕەوە بەدوایان کەوێت. تەنانەت کاتێ بەرەنگاری توندوتیژیی و لێدان و هەڕەشەی کوشتن دەبنەوە، نازانن روو بکەنە کوێ و داوای یارمەتی لە کێ و لە کوێ بکەن. لە ئەنجامدا بێدەنگی پەسەند دەکەن، بێدەنگیش گەشە بە چەوسانەوە و توندوتیژی دەدات. ئەمانە هەمووی هۆکارن بۆ دابڕانی زیاتری ژنان و وەبەرهەمهێنانەوەی سیستەمی چەوساندنەوە و ستەمکاری لە سەر شێوازی کۆن.

## بەشی چوارەم: ئایدیۆلۆژیای نامووس و شەرەف

### 4. 1: کوشتنی نامووسپەرستانە

کاتێ جەستە و سێکچوالیتی ژن جەوهەری نەتەوە و نامووس و شەرەفی گروپ پێکدەهێنێ، سەربەخۆیی و ئازادیی ژن وەکو هەرەشە دەبینرێ بۆ سەر سیستەمی بەها «value system» و ستروکتوری کۆمەڵایەتی و ناسنامەی گروپ. کوشتنی ژن بە بەهانەی نامووسپەرستیەوە واتای دوورخستنەوەی ئەو مەترسیە و دابینکردنی یەکانگیریی کۆمەڵایەتی و گروپ دەگەیەنێ. ئەمە بە گوێرەی عەقلیەتی باو، سزادانێکی موستەهەقە و بە تاوان دانانرێ. بە پێچەوانەوە، بکەری کوشتن بە بەهانەی نامووسپەرتیەوە شایانی لێدەنرێ و لە روانگەی گشتیدا بەرز دەکرێتەوە بۆ ئاستی «پیاوچاک» و «پاڵەوان». هەر لەم روانگەیەوە، تاوانبار دەبێتە شوێنی بەزەیی پێداهاتنەوە و سک پێسووتان؛ چونکە کۆمیونیتی ئەو وەکو قوربانی دەبینێ

و ژن یا کچی کوژراویش وەکو تاوانبار. ئەمانە هەمووی لەوپەڕی نهێنی و بێدەنگیدا دەردەبڕدرێن.

لە عەقلیەتی گشتیدا کوشتنی نامووسپەرستی بریتی نیە لە لەناوبردنی یەکێک، بەڵکو بریتیە لە سڕینەوەی عار و پاککردنەوە نامووس. بۆیە کوشتنی ژن یا کچەکە کار لە کۆمەڵگە ناکات. بۆ نمونە، لە دیاسپۆرادا ئەوەی زیاتر کاری لە خەڵک کرد و نارەحەتی کردن، کوشتن و لەناوچوونی فادیمە، پێڵا یا هێشوویەکی لاو نەبوو، بەڵکو ئەو ووتار و باسە رۆژنامەگەرییانە بوون کە کوردیان هێنایە سەر شانۆی مێدیای جیهانیەوە. زۆربەی هەرەزۆری ئەندامانی کۆمەڵگەی کورد لە سوید و لە بەریتانیا نارەحەت بوون بەوەی کە ئەم مەسەلانە قسەیان لەسەر دەکرێ و رۆشناییان دەخرێتە سەر. رستەی وەکو «حەیامان چوو» یا «کولتوری کوردی ناوبەد بوو» زۆر بەرگوێ دەکەوتن کە داخی سەرەکی ئەو کەسانەی دەردەبڕی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە خودی دیاردەکە و کوشتنی لەمجۆرە بۆ ئەو کەسانە مایەی «حەیا چوون» و ناوبەدبوون و تاوان نیە، بەڵکو هاتنەگۆ و شکاندنی بازنەی بێدەنگیەکە جێی داخ و کەسەرە.

هەروەها زۆربەی کوژراوەکان تەنها بە گوللەیەک یان بە چەقۆیەک ناکوژرێن، بەڵکو کۆمەڵێ گوللەیان پێوە دەنرێت (نموونەی فادیمە شاهیندال) یا چەندەها جار چەقۆیان لێدەدرێت (نموونەی هێشوو کە دوانزە چەقۆی لێدرابوو). ئەمە لە لایەک واتای گرنگی کوشتنەکە دەگەیەنێ (پاککردنەوەی نامووس)، لە لایەکی دیکەش تەئکیدە لەسەر ئەوەی کە ئەو کەسەی نامووسی لەکەدار کردووە دەبێ لەناوبچێت و هەڵنەسێتەوە. بکەری کوشتنەکە لە زۆربەی حالەتەکاندا پەشیمان نیە لە کردەوەکەی خۆی و دانی پیادەنێ و بە شەرەفمەندی دەزانێت[12].

بکەری کوشتنی نامووسپەرستانە لە زۆربەی حالەتەکاندا ئەندامە پیاوەکانی ناو خێزانن: باوک، برا، مام، مێرد، ئامۆزا و کوڕ. پێش شووکردنی، نامووسی کچ هی باوک و برا و مام و ئامۆزایە. کاتێ کچێک بە بێنامووسی تاوانبار دەکرێت، ئەمانە لە لایەن کۆمەڵگەوە سەرزەنشت دەکرێن و هان دەدرێن بۆ سزادان و سەندنەوەی نامووس. هەر ئەمانەش لە کۆتاییدا پلانی کوشتن دادەڕێژن. لە حالەتی ژنانی خاوەن مێرددا، لێپرسراوییەتی پارێزگاریی نامووس و سەندنەوەی نامووس، دەکەوێتە ئەستۆی مێرد و پیاوانی سەر

---

[12]. نموونەی باوکی هێشوو، خولە کۆمەڵە، حالەتێکی تایبەت بوو لەم رووەوە. خولە کۆمەڵە دوای ئەوەی دوانزە چەقووی لە کچەکەی دا، ویستی خۆی بکوژێت بەوەی کە لە بالکۆنی نهۆمی سێی بیناکەیان خۆی فرێدابووە خوارەوە. دواتریش لە دادگا داوای ئەوەی کرد کە لە سێدارەی بدەن.

بە خێزانی مێردەکە. ئەگەر ژنێک دیعایەی بێناموسی بەدواوە بێ و مێرد سزای نەدات، ئەوە لە ناو خێزان و گرووپ بە ناپیاو و سووک سەیر دەکرێ. لە هەردوو حالەتدا فشاری کۆمیونێتی رۆلی گەورە دەبینێت لە هاندان و پاڵپێوەنانی پیاو بۆ سزادان و کوشتنی ژن.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژەیەک بکەم بۆ رادده و گرنگی چەمکی ناموس و جیاوازیی لە نێوان چینەکانی کۆمەڵدا. راددەی ناموسی پیاوان و بەستنەوەی بە رەووشتی ژن و سێکچوالیتێی ژنەوە، لە چینێکەوە بۆ چینێکی دیکەی کۆمەڵگە دەگۆڕێن. ستروکتوری کۆمەڵگەی کوردی پێکهاتەیەکی عەشایری هەیە. لەبەر کۆمەڵێ هۆ کە لێرە هەندێکیان باسکراون، کۆمەڵگەی کوردی گۆڕانێکی کاریگەری بەسەردا نەهاتووە و قۆناغی مۆدێرنیتی بەخۆیەوە نەبینیوە. تا ئێستاش پلەو پایەی ئاغا و شێخ لە کۆمەڵدا دەور دەبینن کە لەناو ستروکتوری حیزبە سیاسیەکانیش رەنگیان داوەتەوە. لەبەر ئەوەی چ لەسەر ئاستی حزبی و چ لەسەر ئاستی ئاغایەتی و دەرەبەگایەتیدا، پایە وپلەی کۆمەلایەتی شێخ و ئاغا و سەرۆک حیزبەکان بەستراوەتەوە بە رێز و شایانی رەعیە و چینەکانی ژێرەوەی کۆمەڵگە، ئەو چینە زیاتر بە تەنگ ناو و ناموسی خۆیەوەتی، بۆیە کۆنترۆلی ژن لە ناو ئەو چینەدا بەهێزترە لە چاو چینی ژێرەوە. ژن لەناو چینی هەژار و ناوەڕاستدا ئازادییەکی رێژەیی هەیە ئەگەر بەراووردی بکەین بە چینی سەرەوە. پلە و پایەی کۆمەلایەتی پیاوانی سەر بەو چینانە بە تایبەتی چینی هەژار، پەیوەست نیە بە گوێڕایەلی و شایانی چینێکی دیکە بەو شێوەیەی کە چینی سەرەوە دەربەستین. بۆیە فشاری بۆ سەر ژن هەمان شێوازی نیە. دیارە شەڕ و زیندانیکردن و سیاسەتی کۆچ و  راگوێزان و تێکدانی لادێ و شارۆچکەکان و نیشتەجێی بەزۆری خەڵک لە ناو موجەمەعات کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر پێکهاتەی کۆمەلایەتی کوردیدا، شیرازەی کۆمەڵگەی تێکداوە. بە تایبەتی لە کوردستانی عێراقدا. ئەمانە هۆکاری گرنگن لە زیادبوونی دیاردەی ژنکوشتن لە دوانزە ساڵی رابردوو لە کوردستانی عێراقدا[13].

## 4. 2: قوربانییەکانی ناموسپەرستی

کوشتن بە بەهانەی ناموسپەرستیەوە تەنها ژن ناگرێتەوە؛ لە هەندێ حالەتدا پیاویش بەو بەهانەیەوە دەکوژرێ. بە تایبەتی ئەو پیاوەی کە رۆلی هەبووبێ لە چوواندنی ناموس: وەکو دۆست و خۆشەویستی ژن. پێویستە ئەوەش بووترێ کە

---

[13]. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (Talabany (2000

www.kurdistannet.org

ئەو ژنانەی دەکوژرێن مەرج نیە پەیوەنیی خۆشەویستی یا سێکسیان هەبووبێ. بە پێی راپۆرتی خەستەخانەکان دوای پشکنینی لاشەی کوژراوەکان لە کوردستانی عێراق زۆربەی ئەو ئافرەتانە کچ بوون، واتە پەردەی کچێنیان نەدڕاو بووە. زۆرجار ئافرەت تەنها لە ئەنجامی دیعایە و ناو و ناتۆرەوە دەکوژرێت. هەروەها لە هەندێ حالەتدا کوشتنی برا و خزمی خوێنیی ژنەکەش دەگرێتەوە. ئەم جۆرەی دواییان بۆی هەیە لە نەوەیەکەوە بگوازرێتەوە بۆ نەوەیەکی دیکە و چەندەها نەوە پێوەی بتلێنەوە. لەمانەش ترسناکتر، لە هەندێ حالەتدا، ساوای تازە لەدایکبوو دەکوژرێت کە لە پەیوەندییەکی ناشەرعی (بە رای کۆمەڵگە) لەدایکبووبێ؛ ئەگەر بڕیاریش درا ساواکە بژی، ئەوە دوور دەخرێتەوە و بنبوو دەکرێت[14]. کوشتنی ساوای تازە لەدایکبوو بە تایبەتی لە حالەتی ئەو ژنانەدا دەکوژرێن کە لە زیندان تەعەدای جنسیان کراوەتە سەر. دیارە ئەو ساوایەش سەرەڕای لە دایکبوونی لە پەیوەندییەکی ناشەرعی، لە سەر ئاستی سیمبۆلی وەکو بێگانە و دوژمن و داگیرکەرێک دەبینرێ کە شایانی لەناوبردنە.

ژنانی زیندانیکراو کە تەعەدای جنسیان دەکرێتە سەر، دوای ئازادبوونیان ژیانیان دەکەوێتە مەترسیەوە. ئەمانە لە چاوی کۆمەڵگەوە ستیگماتیزە دەکرێن و دوورەپەرێز و گۆشەگیر دەکەونەوە. زۆر لەو ژنانە دوای ئازادبوونیان لە ژێر فشاری سایکۆلۆژی و باری سەختیاندا خۆیان بە دەستی خۆیان کوشتوە، چونکە ژیانیان لە ناو کۆمەڵگە لێ تاڵ بووە و هیچ پەناگا و دامەزراو و دەستێک داڵدەی نەداون. دەتوانین ئەم جۆرە کوشتنانە کە دەچنە ناو قالبی کوشتنی نامووسپەرستانەوە، بە دوو شێوە لێکبدەینەوە. یەکەمیان ئەوەیە کە ئەو ژنانە وەکو جۆرێک لە خۆرزگارکردن هانا دەبەنە بەر خۆکوشتن: واتە ئەم ژنانە لە ژێر فشاری کۆمەڵگە و دەوروبەریاندا ژیانیان بە رادەیەک لێ تاڵ بووە کە کوشتنیان لە لا رەواترە. لێکدانەوەی دووەم ئەوەیە کە بۆ ئەو ژنانە خۆکوشتن جۆرێکە لە بەرگریکردن لە نامووس. ئەوان بە گوێرەی عەقلیەتی گشتی خۆیان خۆیان مەحکوم دەکەن و بڕیاری پاککردنەوەی نامووسی خێزان و باوک و برا دەدەن. تراژیدیای ئەو کردەیەش قووڵتر دەبێتەوە کاتێ دەبینین خۆکوشتنی ژن لەبەر ئەوەی راستەوخۆ بە دەستی پیاوێکی ناو خێزان و بە گوێرەی مەراسیمی باو ئەنجام

[14]. بە پێی لێکۆڵینەوەی مەیدانی و چاوپێکەوتنمان لەگەل هەندێ کارمەندی خەستەخانەکان لە کوردستانی عێراق و هەندێ لەو سیستەرانەی مامانی دەکەن لەماڵەوە، زۆر جار ساوای تازە لەدایکبوو لە ئەنجامی پەیوەندیی «ناشەرعی» بەجێدەهێڵرێت و دواتر دەفرۆشرێت بەو کەسانەی منداڵیان نابێت و عەوداڵی هەڵگرتنەوە و بەخێوکردنی منالن. ئەم حالەتە لە دوانزە ساڵی رابردوودا لە کوردستانی عێراق پیادە کراوە و لێپرسراوانی هەردوو ئیدارەی کوردی و رێکخراوەکانی سەر بە مافی مرۆڤ و مافی منداڵان لێی بێدەنگ بوون.

نەدراوە، لە رووانگەی کۆمەڵگە نامووس پاک ناکاتەوە. بە پێچەوانەوە، ئەم جۆرە خۆکوشتنانە جۆرێک لە سووکایەتی بەسەر خێزاندا دێنێ. دیاردەی خۆکوشتن لەناو ژناندا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا راستەوخۆ گرێدراوەتەوە بە کوشتنی ناموسپەرستانەوە. خۆسووتاندن یەکێکە لەو رێگا باوانەی کە ژنانی ژێر فشار و ئەشکەنجەدراو هەڵیدەبژێرن بۆ خۆ لەناوبردن[15].

کاتیگۆرییەکی دیکەی ئەو ژنانەی بە بەهانەی ناموسپەرستیەوە دەکوژرێن ئەوانە دەگرێتەوە کە لە ناو یا لە دەرەوە خێزان دەستدرێژیی جنسیان کراوەتە سەر. نموونەی وا هەن لە لایەن برا، باوک ئامۆزا یا پوورزاوە سکیان پڕ بووە و دواتر هەر ئەمانیش پلانی کوشتنەکەیان دارشتووە و بەجێیان هێناوە.

هەموو ئەو جۆرانەی کوشتن بە بەهانەی ناموسپەرستیەوە ئەنجام دەدرێن و پاکانەیان بۆ دەکرێت؛ تاوانبار یا هەر سزا نادرێت، یا بە ناوی کولتور و ترادیسیۆن و خستنە ناو قالبی شەخسیەوە حوکمی تاوانبار کەم دەکرێتەوە. لە تەواوی ئەو وولاتانەی کوردستانیان داگیرکردووە، یاسا ئەم تاوانە بە تایبەت لە قەڵەم دەدا و بە ناوی ترادیسیۆن و مەسەلەی خێزانەوە چاو لە تاوانەکە دەپۆشرێت و سزاکە کەم دەکرێتەوە. لە کوردستانی عێراق برگەیەکی تایبەت بەو تاوانە لە یاسای سزای عێراقی، برگەی 111، لە لایەن دەسەڵاتدارانی کوردی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و دواتریش پارتی دیموکراتی کوردستان ئیلغا کران. لە بری ئەوە کوشتن بە بەهانەی ناموسپەرستیەوە وەکو تاوانی کوشتن ناسێنرا کە دەبێت سزاکەی لە هیچ کوشتنێکی دیکە کەمتر نەبێت. بەڵام ئەم گۆڕانە تەنها لەسەر کاغەز روویدا، لە واقیعدا گۆڕانکارییەک دروست نەبوو؛ کوشتنی ژن تا ئێستاش یا بێدەنگی لێدەکرێت یا بە سولحی عەشایری چارەسەر دەکرێت. لە هەردوو حالەتدا مەسەلەکە ناگاتە بەردەم دادگا و یاسای رەسمی لێی ناکۆڵێتەوە. لە راستیدا هەردوو ئیدارەی کوردی لێپرسراون بەرامبەر بەو حالەتە؛ ئەوان نەک هەر زۆر درەنگ بە دەنگ ژنانی ئازادیخوازەوە هاتن بۆ گۆڕینی یاسا، بەڵکو کاری پێویستیشیان نەکردووە بۆ کارکردنە سەر واقیع و پەروەردە و هۆشیارکردنەوەی خەڵک. هەر لەسەرەتای راگەیاندنی گۆڕانکارییەکە، نوێنەرانی یاسایی و لە سەرووی هەموویانەوە کۆمەڵێ قازیی، دژی یاسا نوێیەکە وەستان. ئەم مەسەلە هەستیار و ئاڵۆزە پێویستی بە

---

[15]. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم دیاردەیە، بڕوانە ژمارەکانی «زنجیرەیەک لە تواژیدیای تاوانەکانی دژ بە ژنان» کە ماوەی چەند ساڵێکە بێ پچڕان دەردەچێت. ئەم بڵاوکراوانە لە سەر بنچینەی لێکۆڵینەوەی مەیدانی لە لایەن رووناک فەرەج و هانا شوان – ەوە لە سەنتەری راگەیاندنی ژنان ئەنجام دراون.

هۆشیارکردنەوەی گشتیی هەیە لە ناو هەموو دام و دەزگا و چینەکانی کۆمەڵگە. مەسەلەی پەروەردە و هۆشیارکردنەوە پێویستە هەر لە قوتابخانە سەرەتاییەکان و مامۆستایانەوە بگرێتەوە تا دەگاتە نوێنەرانی دادگا و پۆلیس و بەڕێوەبەران. لێرەدا میدیا رۆلی زۆر گەورە دەبینێ و پێویستە رۆژنامەوان و نوێنەرانی کەنالە جیاجیاکانی میدیا و رۆژنامەگەریی و خاوەن ئاژانسەکانی راگەیاندن کۆرسی تایبەتی لەم بارەیەوە وەربگرن و لە چۆنیەتی هۆشیاری و پەروەردەی چینەکانی کۆمەڵدا سەرەتا ئەوان پەروەردە بکرێن و هۆشیار بکرێنەوە[16].

## 4 . 3: رۆلی کۆمیونیتی لە کوشتنیناموسپەرستانەدا

کوشتن بە بەهانەی ناموسپەرستیەوە لەوپەڕی نهێنی و ترس و بێدەنگیدا ئەنجام دەدرێ. لەبەر ئەوەی مەسەلەکە بەندە بە ناموس و ناموسی ژنیش موڵکی پیاو و هی گشتە، بۆیە زۆربەی جار کوشتنەکان لە شێوەی مەراسیمێک ئەنجام دەدرێن. ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ کە کوشتنی ناموسپەرستی کتوپڕ روونادات، بەڵکو چەشنی پرۆسەی مەراسیم پلانی بۆ دادەنرێت و کۆمەڵێ کەسیش لەناو بازنەی خێزان، خێل یا عەشیرەت بە بێدەنگی بەشداری تێدا دەکەن. هەروەها کوشتنەکە وەکو کردەیەکی سەر بە «گشت» بە بەڵگەیەکی پیرۆز دادەنرێت و بۆ سەرجەم خێزان و گروپ ئەنجام دەدرێت. ئەو کچ یا ژنەی کە بە بێناموس لە قەڵەم دەدرێت، وەها دەبینرێت کە ناموس و شەرەفی پیاو و خێزان و کۆمیونیتی لەکەدار کردووە. کوشتنەکەی واتای سڕینەوەی ئەو «لەکە یا پەڵەیە» دەگەیەنێ کە ناموس و شەرەفی پیاو و خێزان و کۆمیۆنیتی دەگەڕێنێتەوە. هەروەها لە کردەی کوشتنەکە و ونکردنی لاشەی کوژراودا، تەنها یەک کەس بکەر نیە؛ هەموو ئەوانەی دیعایەکە بڵاو دەکەنەوە و فشار دادەنێن و کۆدەبنەوە و پلانەکە دادەڕێژن تاوانبارن. تەنانەت ئەگەر بە روانینێکی یاسایی لێی بڕوانین، ئەوانەی لەناو کۆمیونیتی وەکو جۆرێک لە دانپیانان و بەرەوابینینی کردەکە ئینکاری کوشتنەکە دەکەن تاوانبارن بە شێواندنی رێڕەوی پرۆسەی یاسا. دیارە هەموو ئەم تاوانانە لە

---

[16]. کۆرسی تایبەت بۆ هۆشیارکردنەوە و پەروەردەی رۆژنامەوان و نوێنەرانی میدیا مەسەلەیەکی گرنگە و ئیمرۆ لە رۆژئاواش قسەی لەسەر دەکەن. پۆلیسی میترۆپۆلیتانی بەریتانی دوای کوشتنی هێشوو یونس ئەم مەسەلەیەی بە گرنگ وەرگرتووە. هەروەها لە کۆبوونەوەیەکی راوێژکاری و راپرسیدا لەگەڵ هەندێ لێپرسراوی حکومەتی سویدیدا (رێکەوتی 4-5 /11/ 03) کردنەوەی کۆرسێکی لەمجۆرە پێش سازکردنی کۆنفرانسێکی نێونەتەوەی دەربارەی کوشتنی ناموسپەرستانە پێشنیار کرا.

ژێر ناوی مەسەلەی نامووس و خێزان و کولتور و ترادیسیۆن دا پاکانەیان بۆ دەکرێ و یاسا لێیان ناکۆڵێتەوە.

پێش کوشتنی ناموسپەرستانە، پیاوانی خێزان کۆدەبنەوە و لەسەر چۆنیەتی کوشتنەکە و هەڵبژاردنی بکەری کردەکە قسە دەکەن. پێلا کە لە ساڵی 1999 لە سویدەوە بردراوە بۆ کوردستان و کوژرا، نموونەیەکی دیاری ئەو کوشتنەیە. هەڵبژاردنی بکەری کوشتنەکە حسێبی تایبەتی بۆ دەکرێ؛ زۆربەی جار و بە تایبەتی لە کوردستانی تورکیا، کوڕێکی لاوی ناو خێزان دیاریدەکرێت کە کارەکە بەجێبهێنێت. ئەم هەڵبژاردنەش لەبەر ئەوەیە کە بکەرەکە کەمترین لۆمەی بێتە سەر؛ لاوێکی ژێر تەمەنی 18 ساڵی سزای کەمتر دەدرێت لە چاو سەرووی هەژدە ساڵێک. بکەری کوشتنەکە دان بەوەدا ناهێنێت کە مەسەلەکە بە پلان و مشاوەرە جێبەجێکراوە. هەروەکو باوکی پێلا، بۆ لابردنی لۆمە و کەمکردنەوەی سزای براکانی لە سوید، چەند جارێک ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە ئەو خۆی بە تەنها ئەو کارەی کردووە و براکانی بێتاوانن. لە حالەتی ژنی خاوەن مێرددا، مێرد لەگەڵ براکانی و باوکیدا کۆدەبێتەوە و مشاوەرەی یەکتری دەکەن. لەم کۆبوونەوانەدا هەندێ جار باوک و برای ژنەش بانگ دەکرێن.

ئەگەر هەموو نموونەکانی کوشتنی ناموسپەرستانە ئەو لێکدانەوەیە هەڵنەگرن، ئەوە هەموویان لە یەک خالدا یەک دەگرنەوە: کۆمیونیتی بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ رۆلی هەیە لە روودانی کوشتنی ناموسپەرستیدا. لەسەر ئاستی یاساییشدا، هەموو ئەوانەی لە ژێرەوە پاکانە بۆ کوشتنەکە دەکەن و هەوڵ دەدەن تاوانبار بپارێزن و داکۆکی لێبکەن و بەمەش مەسەلەی کوشتنەکە بشارنەوە، تاوانبارن بە شێواندنی رێڕەوی یاسا و دواخستنی پرۆسەی دادوەری.

## ئەنجام:

وەکو ئەنجام بۆ ئەم باسە دەمەوێ رۆشنایی بخەمە سەر دوو لایەن:

### 1. مافی مرۆڤ و کوشتنی ناموسپەرستانە:

توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان و هەڵاواردنی سێکسی بۆ ماوەیەکی زۆر وەکو کردەیەکی کولتوریی تایبەت و پرایڤت دەبینرا، بۆیە لە سەر ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە لایەن رێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە وەکو پێشێلکردنی مافی مرۆڤ حسێبی بۆ نەدەکرا. ئەم بارودۆخە ئێستا گۆڕاوە؛ رێکخراوە جیهانییەکانی سەر بە مافی مرۆڤ، وەکو ئەمنێستی ئینتەرناسیۆنال و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرگریکردن لە مافەکانی

ژنیان هێناوەتە ناو رۆژەڤی خۆیانەوە و پشتگیری لە رێکخراوە ناوخۆییەکانی ژنان دەکەن کە دژی توندوتیژی دژ بە ژنان دەوەستن و داوای مافی یەکسانی دەکەن.

مافەکانی مرۆڤ و ئازادیی مرۆڤ دابەش ناکرێن بە پێی کولتور و نەتەوە و ئێتنیک و ئایین و ژێندر. واتە کاتێ لەسەر ئاستی تیۆری و بۆ تێگەییشتن و ناساندنی هۆکارەکان تایبەتمەندیی کولتوری و مێژوویی لە مەسەلەی توندوتیژی بە بەهانەی ناموسپەرستیەوە لە بەرچاو دەگیرێن، نابێ بەو بەهانەیە و لە چوارچێوەی هاوکێشەی رێژەیی کولتورییەوە مافەکانی مرۆڤی خەڵکی کورد و ژنی کورد کەم بکرێنەوە و بێنرخ بکرێن. کوشتنی هێشوو یا فادیمە نابێت بە رەوا بزانرێت و بەناوی کولتور و ترادیسیۆنی کوردیەوە شەرعیەتی پێبدرێت. مافەکانی مرۆڤ گەردوونین و پێویستە بۆ هەمووان بە یەکسانی پەیرەو بکرێن. داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنیش تەنها ئەرکی ژن خۆی نیە، بەڵکو ئەرکی هەموو کەسێکی مرۆڤدۆست و ئازادیخوازە.

## 2. لایەنی ئینتیگراسیۆن:

ئینتیگراسیۆن و خۆگونجاندن لەناو ژینگە و دەوروبەری نوێدا زۆر لایەن دەگرێتەوە: وەکو ئینتیگراسیۆن لە سەر ئاستی پیشەیی، ئابووری، سیاسی و کولتوری و هتد. من لێرە باس لە ئینتیگراسیۆنی کۆمەڵایەتی و کولتوری وەکو شێوە ژیان و رەفتاری کۆمەڵایەتی دەکەم.

ئینتیگراسیۆن بە باوەڕی من بریتیە لە ئازادیی هەڵبژارد و خۆگوونجاندن لە نێوان کولتورەکاندا. هیچ کولتورێ لە سەدا سەد پۆزەتیڤ یا نێگەتیڤ نیە، چاک یا خراپ نیە. هەموو کولتورێ شایانی رەخنە و خستنە ژێر پرسیارە. مەبەست لە ئینتیگراسیۆنی تەواو پشتگوێخستن و بێبایەخکردنی کولتوری دایک و لە ئامێزگرتنی کولتورێکی دیکە نیە. بەڵکو کاتێ مرۆڤ لە کۆد و پێوەرە سەپێنراوەکان ئازاد بێت و مافی هەڵبژاردنی هەبێت وەکو مرۆڤێکی سەربەخۆ، ئەوە دەتوانێت سەربەست بێت و ناسنامەی کولتوریی خۆی بنیات بنێ: واتە لە کولتوری دایک و کولتوری وڵاتی پێشوازیکەر ئەو لایەنانەی کە لەگەڵ کەسایەتی و باوەڕی شەخسیدا دەگونجێن هەڵبژێرێت. ناسنامەی تاکەکان ناسنامەی گروپ پێکدەهێنێ. ناسنامەش چەسپا و بێجووڵە و نەگۆڕ نیە و لە دروستبوونەوەی بەردەوامدایە. مرۆڤی ئازادیش لەم گۆڕان و خۆدروستکردنەوەدا دەتوانێ وەکو بوونێکی مێژوویی لە سەردەم و ژینگەی نویدا بەشداری لە ژیان بکات.

کۆتایی

نۆڤێمبەری 2003

© Dr Nazand Begikhani

# سەرچاوە:

Arkoun Mohammed (1982) "L"Islam et Societe, interviews dirigees par Mario Arosio, traduit de l"Italien par Maurise Bormans, Cerf. بە
داخەوە کارەکانی ئەرکون نەکراون بە کوردی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد چاوپێکەوتنێکی وەرگێڕاوە بە ناوی 'ئایین، عیلمانییەت و کۆمەڵگای مەدەنی'. ئەمە ووتوێژێکی هاشم ساڵح ە لەگەڵ محەممەد ئەرکون  کە نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوە و دەزگای موکریانی لە هەولێر چاپی کردووە. 2001 .

Begikhani, Nazand (2003) "Kurdish Women and National Identity", In http://www.kwahk.org/index.asp?id=37

بەگیخانی، نەزەند ( 1998- 1999) 'ژنی کورد و ئیسلامیزم'، لە گۆڤاری گزینگ، ژ. 21 (ل: 19- 23) و ژ. 22 (ل: 21- 24). سوید.

رەحیم. فەرەج. رووناک _ شوان. هانا، (1999 – 2000) 'زنجیرەیەک لە تواژیدیای تاوانەکانی دژ بە ژنان'، سلێمانی، سەنتەری راگەیاندنی ژنان.

Talabany. Nouri (2000) "Honour killing in Iraqi Kurdistan", in http://www.kwahk.org/index.asp?id=27

Vali. Abbas (1998) "The Kurds and their 'others' : Fragmented Identity and Fragmented Politics", in Comparative Studies of South Asia, Africa and the Middle East, Vol. XVIII no. 2,

Williams, Raymond (1983) Keywords. London: Fontana.

Yuval-Davis; Nira (1997) 'Gender and Nation'. London : Sage.